# سەدام لە تاوانی گەلکوژی ئەنفال بێبەری کرا و تاوانەکان بەرامبەر بە گەلی کورد کۆتاییان نەهاتووە

شاخەوان شۆڕش

13.04.2007

- دەنگەکان: پۆست هێلتمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی جینۆساید ؟

کارەساتێکی گەورەیە تاوانبارێکی وەکو پۆلپۆت کە تاوانبار بوو لە لەناوبردنی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی کۆمبۆدی، بە مەرگی ئاسایی خۆی و بەبێ داداگاییکردن لەسەر تاوانەکانی، مرد. ئەوە کارەساتێکە بۆ گشت مرۆڤایەتی و هەوڵەکانی پێشگرتن بە کارەساتی گەلکوژی لە ئاستی جیهانیدا.

هەڵواسینی سەدام بەتەنها لەسەر فایلی کەمواتای دوجەیل و بەمجۆرە بێبەریکردنی لە تاوانە گەورەکانی دیکە کە بەتایبەتی دژی گەلی کورد ئەنجامی دابوون، بۆ گەلی کورد چی لە مردنە شیرنەکەی پۆلپۆت کەمتر نییە، بۆیە ئەوە بەهەمان شێوە کارەساتێکی گەورە بوو بۆ گشت مرۆڤایەتی و هەوڵەکانی پێشگرتن بە گەلکوژی، هەروەها پێشگرتن بوو بە ئاشکرانەبوونی نهێنییە گەورەکان. ئەو کارەساتە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی و حکومەتی ئێراقی بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان تۆماریان کرد. کوشتنی سەدام بە بێ دادگایی لەسەر تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد وەکو ئەوە وابوو ئەو بێ دادگاییکردن هەڵواسرا.

دەبێ بگوترێت، کاتێ دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان پەسندی ئەو دادگا ئێراقیە عارەبیەیان کرد و کەیسی گەلێکی گەلکوژکراو و ژێردەستەی ئێراقیان خستەوە بەردەستی دەسەڵاتدارانی بەغدا، دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان کارەساتی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانی دیکەیان فرۆشتە عارەبەکانی بەغدا. کانونەکانی ئەو دادگایە لە 2004 ەوە ڕوون و ئاشکرایە، بە مەبەستی تایبەت داڕشتراوە و دەسەڵاتی کوردی وەکو دەسەڵاتدارانی بەغدا لێیان بەرپرسیارن. ئەوجا ئەوان نەیانخوێندۆتەوە، گرنگیان پێنەداوە، لێیان نەزانیووە، ئەمەریکا و عارەب بەهیچیان دانەناون، یان ئەوان بەئاگایانە بەشداریان لەو پلانەدا کردووە، ناتوانێ پاکانە بۆ ئەو تاوانە گەورەیە بکات کە بەرامبەر بە گەلی کورد کرا، بێگومان بە بەشداری ئەوان. ئەو تاوانەی دادگا و حکومەتی ئێراقی بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامیاندا، ئەوە یەکێ لە بەرهەمە دیارەکانی ئێراقچیەتی ی.ن.ک و

پ.د.ک و ئێراقی هیواو ئاشتیەکەی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بوو. زیرەکی و حەکیمی ئەو سەرکردانە بوو، وایکرد کارەساتی گەلێکی گەلکوژکراو بخرێتەوە ژێردەستی خەڵکی سەر بە نەتەوەی گەلکوژکار، بە یاسای وڵاتی داگیرکەر و بە زمانی ئەنفال گۆتن لەکارەساتی ئەنفالەکان بکرێت. ئاخر ئەی هاوار چۆن دەکرێ کارەساتی گەلی گەلکوژکراو بدرێتەوە دەست نەتەوەی گەلکوژکار، ئەگەر دیاردەیەکی ئەوپەڕی نائاسایی لە ئارادا نەبێت. داخ لەدەست سەرکردەی دۆراوی کورد، ئای لە داماوی و بێکەسی و هەشبەسەری گەلی کورد.

"دادگای" باڵای تاوانەکانی ئێراقی و داواکارە گشتیەکەی بەکاری عارەبیانەی خۆیان بەویژدانانە هەڵدەستن، داواکاری گشتی داوا سەرتاییەکەی لە گوتاری مەلایەکی مزگەوت دەچوو، لە داوای کۆتاییەکەی تاوانی گەلکوژی تەنها دەخاتە پاڵ عەلی کیمیاوی، بەمجۆرە ستاتی ئێراق و سەرکردەکانی دیکەی ئێراق لە تاوانی گەلکوژی بێبەری دەکات! ئەوەش دیسان تراژیدیایەکی گەورەترە و تاوانێکی گەورەترە بەرامبەر بە گەلی بێکەسی کورد ئەنجام دەدرێت. ئاخر چۆن رەوایە سوڵتان هاشم کە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوی گەلکوژانەی ئەنفالی کردووە بە تاوانی ژینۆساید تاوانبار نەکرێت، چۆن دەکرێت سەرۆکی دەزگای ئیستخباراتی ئێراقی و بەشدار لە تاوانی ئەنفال ئازاد بێت، چۆن دەکرێت سەرکردەکانی دیکەی ئێراق ئەوانەی بەجۆرێ لەجۆرەکان لە تاوانەکەدا بەشداربوون سزای تاوانی گەلکوژی وەرنەگرن. ئەوەی لە دادگای عارەبی ئێراقی دەبیندرێت، هەوڵی بەکەسکردنی تاوانی گەلکوژی کوردە و بێبەریکردنی ستاتی داگیرکەری ئێراقە لە تاوانی گەلکوژیدا.

لە ناوبردنی سەدام بێ تاوانبارکردنی لەسەر گەلکوژی لە گەلی کورد، هەروەها بێبەریکردنی ستاتی داگیرکەری ئێراق لە تاوانی گەلکوژی ئەنفال دا، بێگومان کاری ناساندنی گەلکوژی ئەنفال سەختتر دەکات و کۆسپ دەخاتەبەردەم هەوڵەکان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی گەلکوژی. ئەگەر بهاتبایە سەدام حوسێن لەسەر تاوانی ئەنفال بە تاوانبار لە ئەنجامدانی تاوانی گەلکوژی بناسێندرابایە و سزای کانونیانەی وەربگرتایە، ئەوا بێگومان زۆربەی دەزگا دەسەڵاتدارەکانی جیهان پشتگیری ناسناندی تاوانی ئەنفالیان وەکو تاوانی ژینۆساید دەکرد. دیارە ئەگەر ستاتی ئێراق وەکو تاوانبار لە تاوانی گەلکوژی بە تاوانبار بناسێندرایە، بێگومان ئەوە وایدەکرد گەلکوژیەکە ئاسانتر ددانی پێدا بندرێت و زۆربەی ولاتانی جیهانی لاریان لەوە نەدەبوو.
دیارە ئەگەر ستاتی ئێراق و سەرۆکەکانی بە تاوانبار بناسرابان، ئەوە سوودی بۆ ئازادی یەکجاری گەلی کوردستان دەبوو و ئەگەری پارێزگاریی گەلی کوردی بەرامبەر بە تاوانی دیکەی لەمشێوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە داهاتوودا بەرزتر دەکرد. ئەگەر ئەوانە بکرابان، خەڵک و کۆمەڵگەکانی وڵاتانی جیهان زیاتر و باشتر بە چۆنیەتی و بوونی تاوانەکە وەکو تاونی گەلکوژی ئاشنا دەبوون.

لە سایەی "زیرەکی و حەکیمی" سەرکردە ئێراقچیەکانی کورد ئەوانە هیچی نەکران، ئێستا دەبێ هەوڵ بدرێت تۆڵەی ئەو زیانانە بکرێتەوە و وابکرێت لەگەڵ بوونی ئەو بۆشاییانەشدا تاوانی ئەنفال وەکو تاوانی گەلکوژی لە ئاستی جیهانیدا هاوتای گەلکوژی ئەرمەنیەکان، هۆلۆکۆست، ڕواندا و سرەبرەنیسا بناسێندرێت.

ئەوە دەخوازێ لە هەموو ئاستەکاندا هەوڵەکان بەگورتر و کاریگەرتر بکرێن، زانستیتر و بەرفراوانتر بکرێن. روونکردنەوەکان وردتر و ئاسانتر بکرێن. ئەو هەوڵانە کاری درێژخایەنی گەرەکە و بە ساڵێک و دوو ساڵ کۆتایی نایەت، بۆیە پشوو و خەباتێکی نەپساوەی دەوێت. ئەو هەوڵانە ناتوانن تۆڵەی هەموو نارەوایەتیەکان بکەنەوە، بەڵام دەتوانن مەبەست بپێکن ئەگەر ویست و کاری کۆنکریتی و لۆژیکیانە هەبن.

بەکورتی بەپێی ئەو بەڵگە و فاکتانەی لەبەردەستدان دەبێ هەوڵ بدرێت تاوانباریی سەدام حوسین و ستاتی ئێراق لە ویستی لەناوبردنی گەلی کورد بسەلمێندرێت، ئەوە روونبکرێتەوە چۆن ئێراق وەکو ستاتێکی داگیرکەر ویستیی لەناوبردنی گەلی کوردی هەبووە و بەمجۆرە گەلی کورد وەکو گەلێکی بێستاتی ژێردەستە هەوڵی لەناوبردنی لەلایەن ستاتێکی داگیرکەرەوە بۆ دراوە. دیسکۆرسی جودایی گەلی کورد و نامۆیی گەلی کورد بە ستاتی ئێراق لەمڕێگایەوە ئاشکرا بکرێت و کۆنسێپتی نکۆلیکردنی ئازادی کە لە لایەن کۆلۆنیالیست و داگیرکەرانەوە سەپێندرا، رەتکاتەوە و بەدرۆبخاتەوە.